# کارەساتی گەلکوژی ئەنفال لەبەردەم ویژدانی دادگای عارەبی و ئێراقیدا

**شاخەوان شۆڕش**
2006.08.28

دادگاییکردنی سەدام و تاوانبارانی دی لەسەر تاوانەکانی گەلکوژی، تاوان دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، هەنگاوێکە لەو هەنگاوانەی بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانکاریانە لە داهاتوودا پێویستە بنرێت. دڵنەواییە بۆ بە تایبەتی قوربانیانی دەستی ئەو تاوانبارانە. هەروەها ناساندنی هێرشەکانی شاڵاوی ئەنفال بە تاوانی گەلکوژی، بێگومان سوودی مۆراڵی، یاسایی و ڕامیاری بۆ ناسیۆنی کورد وەکو گەلی قوربانی هەیە و یارمەتی دۆزەکەی لەداهاتوودا بەئەگەری زۆر دەدات، ئەگەر خۆی بزانێت سوودی لێوەربگرێت.
بەڵام ئەوە هیچ واتای ئەوە نییە، ئێمە لە ڕاست کەموکوڕی و ناڕەوایەتیەکانی ئەو دادگا ئێراقی و عارەبییەی کە بەسەرماندا سەپێندراوە بێدەنگ بین، پشتگیریەکی بێئاگایانە و ساویلکانەی لێبکەین، یا هەست و سۆز بەسەر ناوکی دادگاییکردنەکەدا زاڵ ببن و چەواشەکاریەکانمان لێ ون بکەن.
هەر بۆنمونە چنار سەعد عەبدوللا کە وەزیری شەهیدان و ئەنفالە لەو چوارچێوەیەدا سەیری دادگاکە دەکات. جارێ هێشتا دادگا لەسەرەتایەتی کەچی ئەو دەڵێ، "دادوەر عادیل و پرۆفیشناڵە، بڕیاری داوە لەچەند هەفتەیەکی کەمدا کارەکانی ئەو دۆسیەیە یەکلا بکاتەوە". بەچی زانیت ئەو دادوەرە عادیل و پرۆفیشناڵە، کە دادگاییەکە ئێستا لەسەرەتایەتی و هێشتا زۆری ماوە تەواو بێت؟ پاشان زوو لە کۆڵکردنەوەی دۆسییەی کارەساتێکی ئەوها گەورە، نەک هەر باش نییە، بەڵکو کارەساتە و دەبێتە شاردنەوەی بەشی زۆری ڕاستیەکان. دیارە ئەو و عەدالەت عومەر ساڵح (کە ڕووی دەرەوەی دەسەڵاتن سەبارەت بە کارەساتەکانی پاکتاو و ئەنفال) وەکو ئەوانەی دی ناو دەسەڵاتی کوردی هیچ گلەییان لە دادگایەکی ئێراقی و عارەبی نییە. ئەگەر عارەبی ئێراق هەشتا ساڵیش خاکیان داگیرکردبن، هەوڵی توانەوەی کوردیان دابێ، پاکتاویان کردبن، بەعارەبیان کردبن، تالانیان کردبن، ژنیان فرۆشتبن، منداڵیان زیندەبەچاڵ کردبن، ئەنفالیان کردبن، ئەوا عارەب هەر برای ئەوانن و شایانی ئەوەشن ببنە دادوەری قوربانی دەستی نەتەوەکەی خۆیان. تەنها لەناو کورد شتی وا هەیە، هیچ نەتەوەیەکی ژینۆسایدکراو ناهێڵێت خەڵکی سەر بە نەتەوەی گەلکوژ تێکەڵی دادگاییکردنەکە ببن. وەکو چنار خان دەڵێت، "خۆ عارەب خراپ نینە، ئەوانە ئەشخاسێکی شۆڤینین کاری وایان کردووە". ئەو برا عارەبانەی تۆ کە لەوێ لەهۆڵی دادگا پشتگیری دادگایی سەدامیان دەکرد، لەبەخاتری چاوی کاڵی کورد نییە وادەکەن، ئەوانە دژی سەدام و ڕژێمەکەین. ئەوانیش وەکو تۆ دژی سەدام بوون، بەڵام لەبەر هۆکاری دیکە. ئەوان خاکیان وەکو تۆ لەلایەن وڵاتی عارەبەوە داگیرنەکراوە، ئەوانە کێشەیان کێشەی خاکی داگیرکراو نەبوو، ئەوانە کێشەیان ڕژێمێکی فاشیست و دیکتاتۆر بوو، بۆیە کێشەی ئەوان لەوەی تۆ جیاوازە. گومانی زۆر لەوەدایە ئەوانە هیچ کامیان بروایان بە سەربەخۆیی کوردستان هەبێ، یا بڕوایان بە کوردستانیەتی کەرکوک هەبێ.[1]

لێرەدا پێویستە بگوترێت، ئەمەریکا لەبەر چاوی کاڵی کورد نەهاتۆتە ئێراق. ئەمەریکا بەرژەوەندی خۆی لە ڕوخاندنی سەدامدا هەبووە، ئەوەشی بە ئاشکرا پێش هاتنی ڕاگەیاندووە. ئەم دادگا تایبەتە ئێراقیەش بەرهەمی هاتنی ئەمەریکایە و هەر ئەوانیشن کارەکتەری سەرەکی دامەزراندنەکەین. دادگاکە و دادگایی تاوانباران، بەشێکی پرۆگرامی گۆڕانکاریەکانن کە ئەمەریکا لە ئێراقدا دروستی کردووە و هەوڵیان بۆ دەدات.

دەتواندرا باشتر سوود لەو گۆڕانکاریە وەربگیرێت، ئەگەر گەلی کورد خاوەنی دڵسۆز و کوردستانی هەبووایە دەیتوانی لێنەگەڕێ دادگاکە بکرێتە ئێراقی، عارەب بەسەریدا زاڵ ببن و سوکایەتی بە کارەساتەکانی بکرێت. دیارە سەرانی کورد لە دامەزراندنی دادگاکەدا هیچ هەڵوێستیان نەبوو و ئەوەی ئێستا دەی بینین ئەنجامی نالەباری و بێهەڵوێستی ئەوانە. کێشەی کورد و کارەساتەکانی لەوە گەورەتر بوون، هەروا بە ئاسانی بۆ خەڵکی بێگانەی جێیبهێڵن، یا هەروا ئاسان خۆیان لە زاڵکردنی بەرژەوەندی عارەبان بەسەر دادگاکەدا کڕ بکەن و کارەساتی ژینۆسایدی کورد بخەنە دەستی دادگای ئێراقی و دادوەری عارەب.

سەبارەت بە دەستپێکی دادگاییەکە لەسەر دۆزی ئەنفال، ڕاگەیاندنی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار کە خۆیان باڵادەستن لە کوردستاندا، زۆرجار ساویلکانە بە دادگاییکردنەکەدا هەڵدەڵێن، ناتوانن یا نایانەوێ ڕەخنەی کۆنکریتی و بوێرانە لە پرۆسەی دادگاییەکە بگرن. زۆربەیان هەر ئەوە دەزانن سۆزدارانە ئاماژە بە زەلیلی سەدام و تاوانباران بکەن و شادومانی خۆیانی لە رۆژێکی ئاوادا دەرببڕن. ئەو سۆزداری و شادومانییە، زیاتر بۆ کەسوکار و دایکی قوربانیان گونجاوە نەک بۆ وەزیر و بەرپرس و دەسەڵاتداران.

جێگای سەرنجدانە کەوا هەندێ، لە پارێزەران بە لێهاتوویی دادگا، ڕەوایەتی دادگا، دادوەر و داواکار هەڵدەدەن و گلەییان بەگشتی لە پرۆسەکە نییە[2]. ڕەنگە زۆر پارێزەر و یاساناسی کوردستان وا بیر بکەنەوە، ئەوەش دەکرێ لەبەر ئەوەبێ لە ناوکی بابەتەکە و پرۆسەکە ناگەن، یا هەر ئەوەندەی لێدەزانن و توانای ڕەخنەیان لاوازە، یا نایانەوێ شتێک بڵێن دژی ڕەوتی دەسەڵات بێت.

بەپێویستی دەزانم لەخوارەوە هەندێ لەو تێبینیانەی کە لەسەر دانیشتنەکانی چەند ڕۆژی سەرەتای دادگاکە لەمەڕ کەیسی ئەنفال کە بەزەقی دیارن بخەمەبەرچاو.

یەکەم: دەقی داواکاریی بەرزکراوە کە لەلایەن جێگری داواکاری گشتی خوێندرایەوە[3]، (ئەو داواکاریە لە گۆڤاری گوڵان ژمارە 600، هەمووی کراوەتە کوردی، ئەوەش چونکە گۆڤاری گوڵان هەروەکو خۆیان نوسیویانە زۆر شاگەشکەی گرنگی دەقەکە  و زانیاریەکان بووە). داواکار بە ئایەتی قورئان دەست بە داواکاریە بەرزکراوەکە دەکات، پاشان دێت لە لاپەڕەیەکی تەواودا پاکانە بۆ ئەنفالی ئیسلام دەکات و تەفسیری ئایەتی ئەنفال دەکات، بە پیرۆزی ئەنفالی ئیسلامدا هەڵدەدات و دەڵی ئەنفالی ئیسلام بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوو و دەستکەوتەکانیش بۆ بەیتولمال بوون، هەروەها دەڵی ئەنفالی بەعس دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کرا، بۆیە مەبەستی ئەنفالی ئیسلام ناپێکێت. بەو واتایە ئەگەر ئەنفالی بەعس هەمان مەبەستی ئەنفالی ئیسلامی هەبایە ڕەوابوو! جگەلەوەی ئەنفالی ئیسلام تاوان دژ بەمرۆڤایەتی بوو و تەنها لای ئیسلامان بە ڕەوا دەزاندرێت، ئەو پاکانەیەی ئەنفالی ئیسلام چ پەیوەندی بەو دادگاییکردنەوە هەیە؟ پاشان ئەو ناڵێ ئەو تاوانە دژی نەتەوەی کورد بە مەبەستی لەناوبردنی گەلی کورد کران، بەڵکو دەڵێ "ئەو شتە دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتی کران". هەر لەسەرەتاوە سۆزدارانە لەگەڵ ئەو نووسینە کرچوکاڵە کۆمەڵی ووشە و ڕستەی سۆزداری ریزکردووە. پاشان دێت و داوا لە دادگا دەکات بەوردی گوێ لە ڕووداوەکان بگرێت. لە شوێنێکدا چەقۆ بەجەرگی خۆیدا دێنێت و دەڵێ ئەوانە گواسترانەوە و هەتککران هتد، "چونکە کورد بوون"، بەڵام هەرزوو و لەڕستەی دوای ئەو دەڵێ "ئەوان ئەزیەتیان خوارد و وەکو ئێراقی مردن". پاشان دێت گوزارشتی هەشت قۆناغەکەی ئەنفال بە کۆمەڵی کەماسی ناشارەزایانە دەکات. دیسان کۆمەڵی وشەی سۆزدارانەی ئیسلامیانە رێزدەکات بۆنمونە دەڵێت، "خودایە بمبەخشە، لە هەر کات و ساتێکدا بۆت دەگێڕمەوە خودایە و تۆبە دەکەم. چی بەسەر میللەتەکەم هات لەسەردەستی تاوانباران کە مێژوو قەت شتی وای تۆمار نەکردووە؟". ئەوە مەلایە یا داواکارە دەدوێ؟! ئەوە سەردولکەیە یا داواکاری؟! کەنگی گەلی کورد میللەتی تۆیە کاکی عارەب؟! پاشان دێت و گوزارشتی ئازاری خەڵکە قوربانیەکە بە کرچوکاڵی دەکات ناوی هەندێ گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و منداڵ دەهێنێت. لە کۆتاییدا دێت دیسان ئایەتێکی قورئان دەڵێت و پەنا دەباتە بەر عیسا و سۆزدارانە ئاماژە بە کوشتنی ژن و منداڵ لە بیابانەکانی ئێراقدا دەکات. کۆتایی داواکاریەکە شێوەی سەردولکە و پاڕانەوە دەگرێتەخۆی.  نازانم ئایەتی قورئان و عیسا چ پەیوەندیان بە کارەساتی هەوڵی لە ناوبردنی گەلێک لە چوارچێوەی دادگا و یاسادا هەیە؟!

هەر نوسەرێکی ئاسایی کوردستان، هەروەها نەشارەزا لە یاسا، زۆر چاکتر دەتوانێ گوزارشت لە کارەساتی ئەنفال و قۆناغەکانی بکات و ئاماژە بە بەڵگەنامەکانیش بکات. نازانم ئەو و ئەوانی دیکە کە وتە و هەڵسوکەتیان پڕ لەکەموکوڕیە چۆن خۆیان بە یاساناس دادەنێن. ئەو کەموکوڕیانە هێندە زەقن، کەسێ کەمێ هوشیار بێت هەستیان پێدەکات.

داواکار لە جیاتی ئەوەی بێت، یاساییانە گوزارشت لە ڕووداوەکان وەکو فاکت خاڵ بە خاڵ بکات، بەوردی چۆنیەتی هێرشە بەرفراوانەکان وەکو فاکت گوزارشت بکات، پاشان بەپێی یاساکانی تاوانی گەلکوژی و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی بێت و وردیان بکاتەوە، بەڵگە گرنگەکان لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە پێبکات و ئەو کردارانە وەکو تاوانی ژینۆساید و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی بسەلمێنێت، لە جیاتی بێت یاساییانە و دوور لە وشەی سۆزدارانە و لابەلا، تاوانەکە وەکو تاوانی

ژینۆساید بسەلمێنێت، لە جیاتی ئەوەی بێت و مەبەستی لە ناوبردن و گرنگی بەشە لەناوبراوەکە لەسەر ئەگەری مانی گەلی کورد شیبکاتەوە و بسەلمینێت، هاتووە کۆمەلی ڕستەی نایاسایی و ئەملاوئەلا و ناپێویستی ریزکردووە و داواکاریەکەی پێ پڕکردۆتەوە. زۆر بەلاوازی ئاماژە بە مەبەستی کۆمەلکوژیەکان وەکو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی دەکات و لەگەلْ ئێراقیبوونی کوردان تێکەلی دەکات. هاتووە پاکانە بۆ ئیسلام و ئەنفالی ئیسلام دەکات، هاتووە لەبەر محەمەد و عیسا دەپاڕێتەوە تۆبە بۆ خوای ئیسلام دەکات. ئەو هەموو گوتنەی سەبارەت بە ئیسلام، ئەنفالی ئیسلام، عیسا و خوای ئیسلام کراوە، هیچیان پەیوەندیان بەو دادگاییکردنەوە نییە، بەبەلگەی ئەوەی، ئەگەر ئەو ڕستانە هەمووی لە داواکاریەکە دەرکەیت، هیچ گۆڕانێک بەسەر ناوکی بابەتەکە ناهێنێت. بەشی زۆری ئەو داواکاریە زیاتر لە وتاری مەلای مزگەوت و سەردولکەی پیرێژنان دەچێت. لە نوسینەکەدا بەهیچ شێوەیەک نەهاتووە ڕاکشاوانە ئاماژە بە لاناوبردنی نەتەوەی کورد وەکو تاوانی ژینۆساید بکات. ئەگەر ئاماژەی بە لە ناوبردنی بەکۆمەلی ژن و مندال کردبێت لە بۆتەی کۆمەلە کەسێکی ستەمدیدە ئاماژەیان بۆ دەکات، نەک وەکو نەتەوە.

دووەم: دیتەرەکان (شایەدەکان) و کێشەکانیان. دیارە لەو هەموو دیتەرە ڕزگاربووەی کورد تەنها 75 کەس ئامادەن و دادگاش تەنها 60 کەس لەوانەی هەلبژاردووە (ئەوە بەپێی دوا زانیاری[4]).
دیتەرەکان، دیتەری کیمابارن و کۆمەلکوژیەکەی بالیسان و شێخوەسانان بوون. کیمیابارنی بالیسان و شێخوەسانان لە ئەپریلی سالی 1987 ڕوویانداوە، هەرچی هێرشەکانی شالاوی ئەنفالە لە فێبریوەری 1988 تا سەپتەمبەری 1988 ڕوویانداوە. ئەو ساتەی کیمیابارانی بالیسان کرا، شتێک نەبوو بەناوی ئەنفال، بۆیە کەیسی بالیسان ناکەوێتە چوارچێوەی هێرشەکانی ئەنفال، بەپێی دەکومێنتەکان. ئەگەر ئەوە وایلێکراوە، لەبەرچی ڕوونکردنەوەیەک لەمبارەیەوە نەدراوە. دادگا لە کەیەوە تا کەی بە ئەنفال تێدەگات؟ جێگری داواکار گوزارشت لە هێرشەکانی ئەنفال لە سالی 1988 دا دەکات، کەچی دیتەری کیمیابارانی سالی 1987 هێنراوە بۆ دادگا.
پێویستە بگوترێت، ڕژێمی ئێراق پلانی پاکتاو و گەلکوژی لە گوند و ناوچە "حەرامکراوەکاندا یا قەدەغەکراوەکاندا"[5] لە زووێکەوە هەبووە، بەپێی بڕیارەکانی رژێمی بەعس ئەوە لە سالی 1985 ەوە بەکردەوە هەنگاوی بۆنراوە.

وابزانم کەم کەس هەیە هەستی بە کێشەی ئەو دیتەرە کوردە هەژارانە نەکردبێت. جارێ بەر لەهەر شتێک، ئەو دیتەرە کوردانە بە کۆمەلێ عارەب دەورەدرابوون، جگەلە پارێزەرە کوردە عارەب زمانەکان، دادوەر، داواکار، بەرگریکاران هەمووی عارەب بوون. ئەو دیتەرانە نەیاندەزانی چی دەگوترێت، چی دەخوێندرێتەوە، بەرگری جگە لەپرسیارەکانی چی دەلێت هتد. ئەوانە تەنها ئەوەندە مافیان هەبوو لە پرسیاری بەرگریکار بگەن و وەلامی بدەنەوە. ئەوانە وەکو کەڕولار داماوانە لەو هۆلە سامناکەی دادگا، چاوەڕێی پرسیارە نامرۆڤانەکانی گەلێجار نایاساییەکانی پارێزەرانی سەدامیان دەکرد.
دیتەران جگەلە کاریگەریە دەروونیەکە کە پێیانەوە دیار بوو، لەوەلامی پرسیارەکانی بەرگریکەراندا، کۆرەواری زۆریان پێوەدیاربوو، گوتنەکانیان هەندێجار تووشی ناتەبایی و گومان دەبوون، گوتنەکانیان گەلێکی پێویست نەبوون، وەلامەکانیان کورت و پوخت نەبوون، شارەزاییان لەسەر شتی ئاسایی زۆر لاواز بوو. فێرنەکرابوون، کەوا ئەوەی بینیویانە بەکورتی و پوختی بیدەنە دەست، فێرنەکرابوون لە پرسیاری نارەوای بەرگریکەران هەلوێست وەرگرن و بەرگری بکەن. خۆ ئەو دیتەرانە پێویستیان بەوە نییە زیادەڕۆیی بکەن تاکو گەورەیی تاوانەکە بسەلمێنن، ئەوانە تەنها ئەوەی بەچاوی خۆیان بینیویانە بە پوختی بیدەنە دەست تەواوە و زیاتری ناوێ. ئەگەر لەپرسیارێک دلنیا نەبوون وەلامی کرچوکالْ نەدەنە دەست، گەر شتێک نەزانن بلێن نازانین و تەواو.
سەیرە دەسەلاتی کوردی بەو هەموو دەسەلات و سەرچاوە زۆرە و پارە زۆرەی لەبەردەستی دایە، بۆ ئامادەکردنی ئەو دیتەرانە کە تەنها 75 کەسن، کە دیتەری گەورەترین کارەساتی کوردن، واپێدەچێ هیچ خۆی سەخلەت نەکردووە.

سێیەم: بەرگریکەرانی سەدام و تاوانبارانی تر، پرسیارەکانیان زۆرجار بۆ سەرلێشێواندنی دیتەر بوو، بۆ بەلاڕێدابردنی دیتەر بوو، یا هەندێجار پرسیارەکان ناگونجاو و نایاسایی بوون، کەچی نە لەلایەن داواکار یا پارێزەرانیان وەکو پێویست پرۆتستۆ نەدەکران و تێپەڕدەبوون. دادوەری عارەبیش نەرم و شل لەبەرامبەریان دانیشتبوو.
بەرگریکەران جارجارە دەربڕینی ڕامیاری و هەلوێستی ڕامیاری لە وتەکانیاندا هەبوو، کەچی نە داواکار نا پاریزەرە کوردەکان، نە دادوەر وەکو پێویست پێشیان پێنەدەگرتن و پرۆتستۆی ئەو کارە نایاساییانەیان نەدەکرد.

**چوارەم: دادوەر کە عارەبە و سەرپەرشتی دادگایی گەورەترین کارەساتی کورد دەکات، شل و لاواز بوو و ئازادی زۆری دەدایە پارێزەرانی سەدام و تاوانباران. لە وەستاندنی سنور بەزاندنەکان دەستوبرد نەبوو. هەندێجار کێشەی لە تێگەیشتنی ڕووداوەکانی ناو دادگاکە هەبوو.**

**بەکورتی دانیشتنەکانی چەند ڕۆژی یەکەم، پربوون لە کەموکوڕی کە ئاماژەیان دەکرد بۆ: لاوازی دادوەر، لاوازی داواکار و داواکارنامە، کەمکردنەوەی بەهای نەتەوەی کورد و ڕێزنەگرتنی گەلی کوردی قوربانی، سنوربەزاندنی بەرگریکاران، هەروەها نابووتکردنی قوربانیانی گەورەترین کارەساتی گەلی کورد.**

**گومان لەوەدا نییە تواندنەوە، بەعارەبکردن، پاکتاو و پاشان گەلکوژی ئەنفال لەلایەن ڕژێمە عارەبیەکانی ئێراق دژی ناسیۆنی کورد بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو (نەک تەنها لە ساڵی 1968 تا ساڵی 2003، کە دادگاییەکە هێمای بۆ دەکات) ئەنجام دران، بۆیە دادگای ئێراقی و دادوەری عارەب نارەوایە. پەسندکردنی دادگایەکی ئەوها لەبەر ساویلکەیی و تێنەگەیشتن، یا لەبەر بەشداری چەند داوەرێکی بەناو کورد، یا لەبەر ڕێکەوتنێکی ڕامیاری، جگەلەوەی نزمکردنەوەی بەهای کێشەی کوردە، بەڵکو فرۆشتنی دادگایی کارەساتەکانی پاکتاو و گەلکوژی کوردە بە نەتەوەی چەوسێنەری عارەبی گەلکوژ.**

---

[1]هیوادرم خوێنەرانی بەڕێز بەهەڵە تێم نەگەن، من بڕوام بە ئازادی هەموو مرۆڤێک و گەلانی جیهان هەیە، لەگەڵ هیچ کارێک نیم سنور بۆ ئازادی ڕەوای مرۆڤ دابنێت، لەگەڵ هیچ جۆرە چەوساندنەوەیەکی هیچ کەمینەیەک لەهەرکوێ بن نیم، دژی هەموو جۆرە چەوساندنەوەیەکم ئەوجا بەرامبەر بە هەر کەسێک و هەر نەتەوەیەک بێت. بەڵام ئەوە واتای ئەوە نییە، چاوپۆشی لە داگیرکاری یا مێژووی داگیرکاری و تاوانکاریەکانی نەتەوەیەک لەسەر خاکەکەم بکەم، بەدرۆیان خۆم هەڵبخەڵەتێنم و لەبەر بەرژەوەندی ڕامیاری ماستاویان بۆ سارد بکەمەوە. کورد دەتوانێ زمانی تێگەیشتن لەگەڵ عارەب لەسەر بنچینەی جیاوازی نەتەوایەتی و یەکسانی و وەکو یەکی ماف دابمەزرێنێت، نەک لەسەر درۆی برایەتی یا خۆهەڵخەڵەتاندن. ئەگەر عارەب دۆستی کوردن، دەبا لە کورد بگەڕێن و ڕێگا بە سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان نەگرن. من تا ئەو ساتەی کاربەدەستانی عارەب وەکو سەردار یا داگیرکەر لە خاکی مندان، تا ئەو ساتەی نەتەوەی عارەب دژی سەربەخۆیی خاک و گەلەکەم دەوستن، کێشەم لەگەڵیاندا هەیە. هەمان تێڕوانینیم بۆ تورک و فارس هەیە. گومان لەوەدا نییە لە ناو عارەبان هەندێ خەڵکی ئازادیخوازی واهەن بڕوایان بە کوردستانیەتی کەرکوک، سنوری مێژوویی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان هەیە، بەڵام ئەوانە زۆر کەم و دەگمەنن، لەسەدا 0،01 ی سەرجەمی دانیشتوانی عارەبی ئێراق پێک ناهێنن و لەناو کۆمەڵگەکەی خۆیاندا هێسکیان هێندە سوک نییە. ئەو ئازادیخوازانە دۆستی گەلی کوردن و هەڵوێستیان نرخی خۆی لای گەلی کورد بێگومان هەیە.

[2]سەیری ئەو ڕاپۆرتە بکە لە http://kurdistannet.biz/2006/8-2006/30-8/prosei.pdf

[3]سەیری دەقەکە بەکوردی بکە لە http://kurdistannet.biz/2006/8-2006/26-8/ledadgai.pdf

[4]سەیری هەواڵەکە بکە
http://www.nawandihalabja.com/ku/index.php?option=com_content&task=view&id=299&Itemid=9

[5]لەدەکومێنتەکانی ڕژێمی بەعسدا ئەو دوو جۆرە چەمکە یا جۆری تر بەکار هاتوون وەکو "المناطق المحزورە" "القرە المحزورە" یا "المناطق المحرمە". ئەو ناوچانە لە ساڵی 1985 دا گەمارۆی ئابوری و بەڕێوەبردنیان خرایەسەر ئەوسا وەکو "ناوچە مەحزول ئیداریەکان" هێمایان بۆ دەکرا.